Dengekan

# له "مزگەوتی من و تۆ"وە بۆ "سوپەر ماركێتی ئیمامی..."

**سەنگەر زراری**
Sangarz81@yahoo.com



چی ڕوودەدات ئەگەر لەسەر تابلۆی یەكێك لە مزگەوتەكان بنوسرێ "مزگەوتی من و تۆ" یان "مزگەوتی كاپیتۆڵ" یان "مزگەوتی پاڤاروتی" یان هەر ناوێكی لەم شێوەیە؟!
ئەی چی دەبێت ئەگەر لەسەر یەكێك لە بازارگا گەورەكان نووسرابێت "سوپەرماركێتی ماشائەڵا" یان سوپەرماركێتی ئیمامی......"؟!
بێگومان دەتوانم بڵێم هەردوو تایپ لەمانە پێكەنیناوین، لەبەر هیچ نا تەنها لەبەرئەوەی هەر یەكێك لەم دوو شوێنە "مزگەوت" و "سوپەرماركێت" یان هەر شوێنێكی تر خاوەنی ئەتەكێتی خۆیەتی، بۆیە پێویستە بەشێوەیەكی گونجاو هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكرێت و ناویان بۆ هەڵبژێردرێ. ڕەنگە ئیماندارێك ببینێ نووسراوە "مزگەوتی من و تۆ" بە ئیهانەی تێ بگات بۆ ئایینەكەی، بەڵام بەلایەوە ئاساییە نووسراوە "ساردەمەنی من و تۆ" چونكە ئیماندارێك لەبەر خوا دەچێتە مزگەوت نەك لەبەر ناوی مزگەوتەكە، بەڵام ناو بۆ سوپەرماركێت و ساردەمەنی و ... شتێكە كە دەتوانێ سەرنجی كڕیارەكانی ڕابكێشێت، شتێكی ئاسایی و ڕەواشە كە خاوەنی ئەو شوێنانە هەوڵی ئەوە بدەن زیاترین كڕیار بۆخۆیان ڕابكێشن. بەڵام ناوی مزگەوت ناكرێتە ئامرازێك بۆ ئەوەی زۆرترین موسوڵمان بەلای خۆتدا ڕابكێشی!!!
ماوەیەك بەر لە ئێستا وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕیارێكی دەركرد و بەپێی بڕیارەكە ناوی مزگەوتەكانی كوردستان كە نزیكەی (4000) مزگەوتن دەبێ بكرێن بە كوردی، دەكرێن بە چ كوردییەك و چ پێوەرێك دادەنرێ بۆ ئەوەی ناوەكان لەگەڵ سرووتی مزگەوتدا بگونجێن؟ ئەم پرسیارە بۆ وەزارەتی ئەوقاف خۆی جێدێڵم و پێویستە ئەوان بیریان لەمە كردبێتەوە، بێگومان كردنی ئەم ناوانە بە كوردی، جێگای دڵخۆشییە، بەڵام بەمەرجێك وەكو كورد دەڵێت ئەگەر بانێك و دوو هەوا نەبێت!!! چۆن؟ فەرموو لەگەڵ مندا ئەم ناوانە بخوێنەوە "شیراتۆن، مۆدێرن ستی، های ستی، نازەمۆڵ، نیوستی، دریم ستی، پاڤاروتی، تودەی، كاپیتۆڵ، ڕۆیال پلازا، ئەكوا پارك، پاندا، هەولێرستی....." ئەمانە و گەلێ ناوی دیكە ڕۆژانە بەسەر تابلۆی هوتێل و چێشتخانە و یاریگا و... ناو شار دەبینرێن. ئایا ئەمانە چییان بەسەر كوردییەوە هەیە؟ ئایا تەنها بۆ مزگەوت ناڕەوایە كە ناوێكی ناكوردی بەسەرەوە بێت؟!
ئەگەر بڕیارە تابلۆكانی شار ناوەكانیان بكرێتە كوردی، كارێكی ناڕەوایە ئەگەر بڕیارەكە تەنها مزگەوتەكان بگرێتەوە، بەڵكو دەبێ ئەم كارە بە شێوەیەكی گشتی بكرێت، هەڵبەت پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕۆڵی یەكەمی لە بەكوردیكردنی تابلۆكاندا هەبێت، بەڵام ئایا ئەم وەزارەتە ئەو ڕۆڵەی دەبێت؟! بەهۆی بۆنەیەكەوە چوومە هۆڵە تازەكەی وەزارەتی ڕۆشنبیری "هۆڵی پێشەوا" كە دانیشتم سەیری دەرگاكەی تەنیشتم كرد لە هۆڵەكەدا لەسەر دەرگاكە نووسرابوو "خروج-EXIT" سەیرم كرد بەعەرەبی و بە ئینگلیزی لەسەر هەرسێ دەرگاكە وانووسراوە، بەبێ ئەوەی بە كوردی نووسرابێت. كەواتە وەزارەتی ڕۆشنبیری چۆن و لە كوێوە دەست پێ بكات؟! ئەمە ئەگەر بیر لە كارێكی وا بكاتەوە!!!